# بەیبوونەوان

**خاڵەبەکر**

بەلقیس..،
کەهاتمەوە ..،
لەگەڵ ڕابوردودا ئاشتم کەوە
لەگەڵ داهاتودا بمتۆرێنە
لەگەڵ ئایندەدا بمنێژە
جێ پێی ئەستێرەیەکم نیشاندە،لەئاسمانا غەریب نەبێت
تریفەی مانگم بۆ بکە،بە نۆتەی مۆسیقای شیعرێک
چریکەی گەروی خامەشم بۆ بکە بەئاوازێک
هەرگیزاو هەرگیز ڕێگر نەبێت
ئەگەر هاتوو کەزیەی بەلقیس بەڕوخسارما پەخشداکەم
ئەگەر هاتوو خەنەی خوێنمی بەرۆحداکەم
بەلقیس..،
دەستم دامێنت..
کەهاتمەوە..،
چیدی نەهێڵیت
ببمە ئەو دەریایەی..،
کە تیشکی رۆژ بەبێ ڕوخسەت،دەمکا بەهەورو خۆشم نەزانم،بەسەر چیدا ئەمپرژێنێ،
بۆ چ مەینەتیەکم هەڵدەگرێ و بەسەر شان و ملی چ درەختێکی پایزا ئەمبارێنێ..،
بەلقیس
بەگفتت ناکەم
لەیاد خۆمت دەرناکەم
لێ،لەمەودوا
نەکەی بمکەی بێ نەوا
درۆیەکم لەگەڵ بکە،بڕوات پێ بکەم
ڕاستیەکم پێ مەێژە بڕوات پێ نەکەم
دەنا تاوێکی تر لەگەڵ ملوانکە شینەکەت دەچمە کۆلان
پەرە بەپەرەی شیعرەکانم بە گوڵەبەرۆژە فرۆشێک ئەبەخشم
ئەوەی کوڵ بەناخیشم ئەدا چیدی نایئوسم
هەموو سەحەرێ
تاسەحەری دادێ
لەگەڵ پێکی مەیا حەرف حەرف دەینۆشم
بەڵکو بەئاگا بێمەوە،شان و ملی هەناسە پاییزێکانمی پێ داپۆشم
بەلقیس
بەگفتت ناکەم

من وەکو تۆ (هەمیشە سڵاو)ی ووشکت لێناکەم

هەردەم

بەیبوونەوانی بەیبوونەکانتم

هێند نزیکی ناگەمە لات

هێندەش دووری من هام لەلات

***

لەژمارە2626 ی ڕۆژنامەی خەبات بڵاوبۆتەوە/یەک شەممە2007/9/23 .